# سەمای کۆچ و بارانی غوربەت




omed954@hotmail.com

بەدەم سەماوە هاتین
بەدەم باوە تەرەبوین
بەدەم زریانەوە هەڵ فڕین

ئەی تەریقەتی سەفەر
جانتاکانمان خاڵی بوون لە پێکەنین
لەدوا قومی پێکێکی تاڵەوە دووت کەوتین

وەلی نەدەستێکی میهرت هێنا بەسەری تەنهایمانداو
نەوچانێکی ئارامیت بەخشیە ڕۆحە تەریووەکان
ئەم هەموو ڕێگایەکوشتنی ڕابووردوویەکی تاڵ بوو
بەگەیشتن بە مەملەکەتی هێمنی

وون کردنی و کوشتنی ڕەها بوو
بەلەدایک بوونێکی وەفا

پچڕانی دەنک دەنکی تەزبیخەکەی دایکمان بوو
لەشەوی تەریقەتی زکرا
بۆ خوایەکی نەبینراو
سەفەر پیاوێکی کەڵەگەتی ڕەشتاڵەبوو
لەدەرگای ماڵەکانی دا
بەدەستێکی یادگاریەکانی دڕاندوو
هەر بۆ خۆشی کۆڵەوانەکەی لەکۆڵ کردین
سەفەر نیوەی ددانەکانی ئاڵتون بوو

نیوەی ددانەکانی سەدەف
فەرمووی ڕەتبن بڕۆن

پێ ی ووتین بگەنەنەورەسی دەریا

پێ ی ووتین بەدەم شەڕەوە
باسەرووڕیشتان نەبێتە پەموو
بەدەم گریانی گۆڕی ئازیزانەوە
با بیلبیلەتان هەڵ نەوەرێت
سەفەر ووتی
با نەبیتە فیشەک وو
گەورەکان بتان تەقێنن
ئەو پیاوێکی باڵابەرزی بەتەمەن بوو
بە لادا دەشەلی و بە دار شەق
بەڕێی نایاسایدارەت دەبوو
بێ باکانەش گوێ ی لەڕێزنەی گولە دەگرت
سەفەر گولەبەنێکی لە باپیرانیەوە بۆ مابۆوە
ئاوا لە ناکاو بوینە ئاوەڵ زاوای سەفەرو
بەڕێگای هات ونەهاتا تێمان قوچان
نەها سەفەر وەک قاچاغ چیەکی کامڵ
لەدوا وویستگەی نامۆیدا
ماڵئاوای لێ کردین و
ئێمەش لە کونجی غوربەتێکی تاقەت بڕا
بەدەم سەمایەکی نا ئاسایی وە
بەدەم ڕەشەبایەکی ساردەوە
بەدەم ڕۆچوونێکی تەنیایەوە
هێندەبکرێ ڕاڤەی فڕین دەکەین
هێندە بکرێ یادگاری کۆدەکەینەوە
هێندە بلوێ خەون بەئارامیەوە
دەبینین
پێ یووتین بەدەم شەڕەوە.

* * *